# بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەی ئاسایی سێیەمی

# حیزبی ویفاقی دیموکراتیی کوردستان ـ سوریا




لە بەرواری ١٧- ١٩ / ٢ /٢٠١٠ ڕێکەوتن دیموکراتیی کوردیی سوریا کۆنگرەی ئاسایی سییەمی خۆی بەست لەژێر دروشمی " با وەفا و پەیمان نویٚ بکەینەوە بۆ شەهیدانی ڕێکەوتن، شەهیدانی وشەی ئازاد و رای جیاواز"

– بەردەوامی لە کارکردن بۆ چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی سوریا.

– بەهێزکردنی چەمکی خەباتی سیاسی دیموکراتی و ئاشتیخوازانە لە سوریا.

– کارکردن بۆ پتەوکردن و پاراستنی ڕێبازی ڕێکەوتن.

– دوانزەی ئازار ڕۆژی شەهیدانی کورد لە سوریا .

– گەشەپێدانی کۆمەڵگە بە ئازادیی ژنان دەست پێدەکات.

– کارکردن بۆ ڕێکخستنەوەی ماڵی کوردی لەچوارچێوەی ئەنجومەنێکی نیشتمانیدا کە گشت کۆمەڵ و ڕێکخستنە سیاسییەکانی کوردستانی سوریا کۆبکاتەوە.

– کارکردن بۆ چەسپاندنی چەمکی " نیشتمانی سوریا بۆ گشت نەوەکانێتی " و

" بنیاتنانی سوریایەکی دیموکراتی و فرەیی".

دانیشتنی دەستپێکی کۆنگرەی ئاسایی سێیەمی ڕێکەوتن دیموکراتیی کوردی سوریا لە هۆڵی " شەهید ئیبراهیم ئەحمەد " و بە ئامادەبوونێکی دیپلۆماسی و ڕاگەیاندن و جەماوەری لە شاری سلێمانی بەسترا. بەستنی کۆنگرەکەش هاوکات بو لەگەڵ پێنجەم بیرەوەریی ساڵانەی شەهیدکردنی سەرکردە کمال شاهین دامەزرێنەرو بیردۆزی ڕێکەوتن، هەر بۆیە داانیشتنە دەستپێکە کە بە دەقیقەیەك وەستانی بێدەنگی لەسەر گیانی شەهیدە شکۆدارەکانی کوردستان دەستپێکرد و لیژنەیەك هەڵبژێردرا بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی کۆنگرەکە و پاشان کۆنگرەکە بەراپۆرتی سیاسی کرایەوە کە لەلایەن ئەنجومەنی ڕێکخستنی ڕێکەوتنەوە پێشکەشکراو تیایدا پێشهاتە گرنگەکانی ناوچەکەو جیهان لەماوەی نێوان هەردوو کۆنگرەی دووەم و سێیەم خرایە بەرچاو ، هەروەها بۆچوونی بەشدارانی کۆنگرە سەبارەت بە پێشهات و ڕووداوە نوێیەکان و کاریگەرییان لەسەر مەسەلەیکورد.بەشدارانی کۆنگرە جەختیان لەسەر ڕۆڵی هەرێمی کوردستانی عێراق وەك پێگەیەکی بنەڕەتی بۆ چارەسەرکردنی مەسەلە کوردستانییەکان لە بەشەکانی تری کوردستاندا. هەروەها کۆنگرە بە شێوەیەکی ئەرێنی هەڵوێستی سەرۆکایەتی هەریم و حکومەتی کوردستانی بەرز نرخاند سەبارەت بە جێبەجێکردنی مادەی "١٤٠" و کۆدستانێتی شاری کەرکوك.هەروەها پێی وابوو کە پرۆژەی کرانەوەی دیموکراتی بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە تورکیا دەستپێشخەرییەکی ئەرێنییە و کۆنگرە ئەو نەرێنیانەی کە بوونەهۆی سەرنەکەوتنی پرۆژەکە خستەئەستۆی حکومەتی تورکیا .دەربارەی ئێرانیش کۆنگرە پێی وایە کە فایلی ئەتۆمی ئێرانی بووەتە مەترسییەکی گەورە بۆ گشت ناوچەکە و لەهەمان کاتدا کردارەکانی لەسێدارەدانی سەرکۆنەکرد کە ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییە شۆڕشگێڕەکانی گرتەوە و داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد کە کار بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بکات لە ئێران و جەختیشی لەسەر ڕۆڵی حیزبە کوردستانییەکانی ئێران کردەوە لە پێناو دۆزینەوەی فۆرمێکی یەکگرتوو بۆ خیتابی سیاسی و ڕاگەیاندن سەبارەت بە چارەکردنی مەسەلەی کورد لەو بەشە.

بەڵام سەبارەت بە مەسەلەی کورد لە سوریا بەشدارانی کۆنگرە پێیان وابوو کە ڕژێمی بەعسی فەرمانڕەوا پرۆژە ستەمکارە تایبەتەکانی دەرهەق بە ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە کوردستانی سوریا پەرەپێداوە . لەهەموویان ترسناکتر مەرسومی ٤٩ یە کە کاریگەریی نەرینی و دەرەنجامی نالەباری بووە لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری (هەژاری، کۆچبەری ، بێکاری) .ئەو ڕژێمە هەربەوەوە نەوەستاوە بەڵکۆ شاڵاوێکی فراوانی گرتنی ئەنجامداوە کە ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیر و نیشتمانپەروەر و سەرکردەکانی بزاڤە سیاسییەکانی کوردستانی سووریای گرتۆتەوە کەتا ئێستاش ئەوانە هەر لەگرتوخانەکاندان ، لەلایەکی ترەوە دیاردەی کوشتنی سەربازە کوردەکانی سوپای سوریا سەریهەڵداوە ، ئەو دیاردەیەی کە مەترسییەکی ڕاستەقینەی دروستکردوە لەسەر دوارۆژی لاوانی کورد لە سوریا . پێدەچێت ئەمە شاڵاوێکی ڕێکخراوبێت کە ئاراستەی چالاکترین هێز دەکرێت لە کوردستانی سوریا کە لاوانن.

بەشدارانی کۆنگرە بارودۆخی بزاڤی سیاسیی کوردیان لە کوردستانی سوریا هەڵسەنگاند بەتایبەتی ئەو هەنگاوە ئەرێنییانەی کە بزاڤەکە بەخۆیەوە دیوە لەسەر ئاستی سیاسی وجەماوەری ، بەتایبەتی سەبارەت بە دامەزراندنی ئەنجومەنی سیاسی وەك هەنگاوێکی ئەرێنی بەرەو بەدیهێنانی ئەنجومەنی نیشتمانیکوردی لە سوریا.

هەروەها کۆنگرە لە پرۆگرامی سیاسی و سیستمی ناوخۆی حیزب کۆڵییەوە کە لەلایەن کۆنگرەی دووەمەوە بڕیاری لەسەر درابوو ،گەلێك گۆڕ انکاریی تێدا کرد و لە لایەن بەشدارانی کۆنگرەوە دەنگدانی لەسەر درا و ئەو پرۆگرام و سیستمی ناوخۆیەش بە بڕیارێك لە بڕیارەکانی کۆنگرەی سێیەم دانرا.

کۆنگرە چەند بڕیار و ئامۆژگارییەی دەرکرد کە لە خزمەتی مەسەلەی کوردایە لە سوریا و گرنگترینیان گۆڕینی ناوی ڕێکەوتن دیموکراتیی کوردی لە سوریا بۆ " حیزبی ڕێکەوتنی دیموکراتی کوردستانی - سوریا" ، لەگەڵ جەختکردن لەسەر چارەکردنی مەسەلەی کورد لە سوریا لەڕێی بنەمای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی سوریا ، ڕاگەیاندنی ڕۆژی دوانزەی ئازار وەك ڕۆژی شەهیدانی کورد لە سوریا.

هەروەها کۆمیتەیەکی نێوەندی بۆ حیزب هاتە هەڵبژاردن.

کۆمیتەی نێوەندیی حیزبی ویفاقیی
دیموکراتی کوردستانی - سووریا
٢٥ / ٢ / ٢٠١٠

درێژەی لاپەڕەی ٤

بەبێ یەکخستنی خیتابی سیاسی و ڕاگەیاندنی بزاڤی سیاسیی کورد لەم بەشەدا.

ئەو هەنگاوەی لەو بوارەدا نۆ حیزبی کوردی ناویەتی بەکە لە ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی سیاسیدا ڕەنگیدایەوە بە هەنگاوێکی ڕاست و ئەرێنی دائەنێین. کۆنگرەی سێیەممان بە بایەخێکی زۆرترەوە ئەڕوانێتە ئەم پرۆژەیە و جەخت لەسەر ئەوە ئەکەینەوە کە مەسەلەی کورد لە سوریا مەسەلەی خاك و گەلە و بنەمای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی سوریا بەپێی پەیماننامەی نەتەوە یەککگرتووەکان داوایەکی ڕەواو یاساییەو مەسەلەی کورد لە سوریا پشت بە دۆزینەوەی چارەسەرێکی ڕەوا و دیموکراتی ئەبەستێت لەڕێی بەتینکردنی خەباتی ئاشتیخوازانە و دیموکراتیی هیز و ڕێکخراوە کوردییەکان لە سایەی پرۆژەیەکی سیاسی یەککگرتوو کە گشت ئەو بزاڤ و لایەنانە بگرێتەخۆ کە بڕوایان بەو چوارچێوە و ئاراستەیەی مەسەلەی کورد هەیە لە کوردستانی سوریا . هەروەها بڕوامان وایە کە زەمینەیەکی لەبار هەیە لەڕووی ئەو ڕێکخراو و حیزبە کوردی و جەماوەرەی گەلدا

کە بڕوایان بەچارەسەرکردنی مەسەلەی کورد هەیە لەم چوارچێوە نوێیەدا.

ئەمڕۆش کاتێك کە کۆنگرەی ئاسایی سێیەممان لە سایەی ئەم بارودۆخە هەستیارەدا ئەبەستین کە مەسەلەی کورد پیایدا تێپەڕئەبێت ، بە گشت ئەو ئەزموون و هێزەوە کە هەمانە کارئەکەین بۆ دۆزینەوەی شێوازێکی گونجاوبۆ چارەکردنی مەسەلەی کورد لە سوریاو متمانەیەکی گەلێك زۆریشمان هەیە کە نوێنەرانی کۆنگرەکەمان ئامادەیی تەواویان هەیە کە ڕۆڵی مێژوویی خۆیان ببینن و لە ئاستی بەرپرسیارێتی تەواودانکە ئەم کۆنگرەیە بکەنە کۆنگرەیەکی جیاواز لەڕووی ئەو گفتوگۆ و لێکۆڵینەوە و ئامۆژگاری و بڕیارانەوە کە دەری ئەکەن تاوەکو بتوانین پێکەوە لەگەڵ ڕێکخراو و حیزبە کوردییەکانی تردا ، بەتایبەتی ئەوانەی هەمان بیروبۆچوونیان هەیە سەبارەت بە مەسەلەکە تاوەکو بگەین بە سوریایەکی دیموکراتی و فرەیی و بەدیهێنانی پرینسیپی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی سوریا.

بۆ جارێکی دی سوپاسی هەمووتان ئەکەم بۆبەشداریکردنتان لەگەڵماندا لەم ڕۆژە مێژووییەی خەباتماندا و وەبەرچاوگرتنی ڕێبازی شەهید کمال شاهین وەك سیمبولێك بۆ کوردی سوریا .

نەمری بۆ شەهید کمال شاهین و شەهید أبو مسلم و شەهید کامیران و گشت شەهیدە سەربەرزەکانی کوردستان .

سەرشۆڕی و شەرمەزاری بۆ دوژمنانی کورد .

بژی کورد و کوردستان

مەکتەبی سیاسیی حیزبی ویفاقی دیموکراتیی
کوردستان ـ سووریا
١٧ / ٢ / ٢٠١٠